کوردە نەجیب

## یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# کۆمەڵێک فێرگە دامەزراوەو چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشیان لێ دەکرێت



*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا بە هۆی قەیرانی داراییەوە، لە ئاستێکی مامناوەندییە لە زۆربەی یارییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك فێرگە دامەزراوە و چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشیان لێ دەکرێت.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی کاریگەری نەرێنی لەسەر یاریزانان دەبێت و دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان لە مەشقەکانیان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- بەهیوای ئەوەم خول و پاڵەوانیەتی بۆ یاریزانان بکرێتەوە و زیاتر هانی کچە یاریزانان بدرێت، گرفتی داراییش چارەسەر بکرێت، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی وەرزشی لە ناو خێزانەکاندا لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیاکان و قوتابخانەکان کارێکی زۆر پێویستە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- تاکو ئێستا نەخێر.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەنیازم زیاتر بەرەوپێش بچم و ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- وەکو کچە یاریزانێك لەگەڵ ئەوەدا نیم یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیان ببەستن،

**یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام خزمەتی وەرزشی لە شاری سلێمانی کردووە و تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و چەندین کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان کوردە نەجیب، و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانی و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراقیش، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**کارزان کانەبی**



خۆمان راهێنەری سەرکەوتووی ئەکادیمیمان هەیە، یاریزانیش بە هەمان شێوە، ئەگەر گرنگی بە یاریزانان بدرێت، یاریزانی باش دروست دەبێت.

*** بۆچی لە یاری باسکەوە رووت لە یاری باڵە کرد؟**

- سەرەتا لە یانەی وەرزشی سیروانی نوێ بووم و یاری باسکەم دەکرد، بەڵام خۆم ئارەزووی یاری باڵەم هەبوو، قوتابی زانکۆش بووم لە ساڵی ٢٠٠٧یانەی پێشمەرگەم هەڵبژارد لە رێگای مامۆستا ئارام لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لایەنی بەرپرسی وەرزشی زیاتر بایەخ بە وەرزشی کچان بدەن.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- خەونی وەرزشیم ئەوەیە کە کۆمەڵێك فێرگە بۆ هەموو یارییەکان دروست بکرێت، هەر لە منداڵییەوە رابهێنرێن لەسەر وەرزش، چونکە کاریگەری لەسەر ژیانی تەندروست و رۆشنبیری دەبێت.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی عێراق داوا کراوی؟**

- نەخێر داوا نەکراوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان کە بەردەوام لە خزمەتکردنی وەرزشن.

# میران خەسرۆ خۆی یەکلا نەکردۆتەوە




میران خەسرۆ یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشی هەولێر دوای ئەوەی ئەم وەرزە وەکو کاپتنی یانەی زاخۆ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی چەندین یاری بۆ یانەکەی کرد و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات بەهۆی ئەو ئاست بەرزییەوەش لە یانەی شیمالی قەتەری داوا کرا و بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئەو یانە پلە یەکەی خولی قەتەر واژوو کرد، ئێستاش دەنگۆی هاتنەوەی میران خەسرۆ بۆ یانەکەی پێشوو بلاو بۆتەوە لەم بارەشەوە میران خەسرۆ لە وولاتی قەتەر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: من پێشووتریش لەگەڵ یانەی زاخۆ گرێبەستم هەبووە و ئێستاش لە یانەی شیمالی قەتەری یاری دەکەم، یانەی زاخۆش بەفەرمی داوای منی کردووە بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەرێمەوە یانەکەی و یاری بۆ ئەو یانەی کوردستان بکەم، بۆمنیش هەستێکی خۆشە کە گرێبەستم پێشکەش کراوە لەلایەن یانەیەکی کوردستان کە پێشووتر خزمەتی ئەو یانەیەم کردووە و کاپتنی ئەوان بوویمە، ئێستاش گفتوگۆییەکانم بەفەرمی لەگەڵ ئەو یانەیە کۆتایی پێ نەهاتووە بۆیە هەرکاتێك بەفەرمی پەیوەندیمان بەوان کرد ئەوا ئاشکرای دەکەم، بەڵام ئێستا قسەکردن هەیە بۆ ئەوەی من بگوازنەوە ریزی یانەکەیان بەڵام هیچ رێکەوتنێك لە نێوان من و ئەوان نییە کە بڵێم شتێکی فەرمی بێت، چونکە یانە قەتەریەکەش جارێك چاوەڕێن بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر چارەنووسی خۆم بدەم و خۆم وەکو یاریزانێکی پیشەگەر یەك لای بکەمەوە، بۆمنیش یاری کردن لە خولێکی وەکو خولی قەتەر کە چەندین یاریزانی پیشەگەری تێدایە هەستێکی خۆشە بۆمن یاری کردنیش وەکو یاریزانی کورد لەم خولە جێگای شانازییە، هەوڵیش دەدەم بەردەوام ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە .



## ئەکادیمیایەکی تۆپی باڵە یاریزان بەرهەم دەهێنێت

ئەکادیمیای تۆپی باڵە لە شاری سلێمانی ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراوە کاری ئەم ئەکادیمیایە درووستکردنی یاریزانانە لەو شارە لە ئاستەکانی تەمەن، ئامانجی ئەو ئەکادیمیایە درووست کردن و پێگەیاندنی یاریزانی تۆپی باڵە بۆ شاری سلێمانی، ئەم ئەکادیمیایە بە مۆڵەتی فەرمی سەربەخۆکار دەکات و سەر بەهیچ یانەیەك نییە، لە بارەی دروست کردنی یاریزانیش بۆ داهاتوو ئالان سەلاح ڕاهێنەری ئەکادیمیای تۆپی باڵە لە شاری سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە لەو ئەکادیمیایە بەردەوام ئامانجمان دروستکردنی یاریزانە بۆ دوا رۆژ، بەڵام ئێستا مەشقەکانمان ڕاگیراوە بەهۆی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، ماوەی سێ ساڵە ئێمە لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ یاریزانی ئەو ئەکادیمیایە بەردەوامین، یاریزانەکانیشمان کراون بە دوو ئاست لە ئاستی هەشت ساڵی و نۆ ساڵی و دە ساڵی و دوازدە ساڵی، هەفتانە دوو یەکەی مەشقی ئەنجام دەدەین بەگشتی بەهۆی نەبوونی یاریگای تایبەت بەخۆمان، مۆڵەتی فەرمیشمان هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری کە سەر بەهیچ یانەیەك و دەزگایەك نین، ئامانجمان خزمەت کردنی یاری تۆپی باڵە لە شاری سلێمانی.

## فوتساڵی گازی باکوور بەردەوامە

تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور ئەمساڵ بە شدارییان نەکرد لە خولی تۆپی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر شاری کەرکووك دا هات، بەڵام کچە یاریزانان و ڕاهێنەرەکەی بەردەوامن لە مەشقکردنی خۆیان بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەم بارەشەوە قاسم جەمیل ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکەمان بەردەوام بێ وەکو خۆی مەشقەکانمان بەردەوامە و هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نەبووە، لە مەشقەکانمان بەردەوامین بەڵام گرفتی دارایمان هەیە و هیچ کەسێك هاوکاریمان ناکات ئەوەش بۆ ئێمە باش نییە، هەرچەندە مەشقەکانیشمان ڕانەگرتووە بەڵام ئەمساڵ بەشداری هیچ خولێکمان نەکردووە و هەر خولێك هەبێت ئێمە دەمانەوێ بەشداری بکەین، چونکە زیاتر یاری دۆستانە دەکەین بۆ ئە و ە ی ئاستی یاریزانانی خۆمان بزانین، ئێستاش بەهۆی نەبوونی توانای دارایش ئێمە مەشقمان ڕانەگرتووە تەنانەت زۆربەی جار بە خۆم بەدوای یاریزانان دەچم و دەیانهێنم بۆ مەشقەکانیان تەنیا بۆ ئەوەی ئەو یاریزانانەمان دروست کردووە پێیان ماندوو بووینە نامانەوێ لە مەشق و وەرزش کردن دانەبڕێن، لەبارەی دیاری کردنی چارەنووسیان لەگەڵ یانەی گازی باکوریش مامۆستا قاسم گوتیشی: ئێمە هیچ گرفتێکمان نییە لەگەڵ یانەکەمان تەنیا ئەوە نەبێت کە ماوەیەکە هاوکاری ئێمەیان نەکردووە لە ڕووی داراییەوە، ئەگەر نا لە ماوەی پێشووتر هاوکاری ئێمە بووینە ئێستاش یانەی تر هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵیان کار بکەین، بەڵام ئێمە هەتا یانەی گازی باکوور هەبێت بۆ هیچ یانەیەکی تر یاری ناکەین و بەردەوام دەبین لەگەڵ یانەکەی خۆمان ئاواتمان ئەوەیە بتوانین خزمەتی زیاتری ئەو یانەیە و کچانی شاری کەرکووك بکەین و بتوانین یانەکەی شاری کەرکووك کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی تر بکات.



## پاریس سان جێرمان یانەی شاهانە بێهیوا دەکات



دەنگۆی ڕۆیشتنی نێیمار لە یانەی پاریس سان جێرمان و پەیوەندیکردنی بەیانەی ڕیاڵ مەدرید هەواڵی گەرمی چەند ڕۆژنامەیەکی ئەوروپایە، یانە پاریسیەکە دەیەوێت ڕێگری لەو هەوڵانە بکات.

یانەی پاریس سان جێرمان لەسەر پێگەی فەرمی خۆی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وێنەیەکی نێیمار بە درێسی نوێی یانەکە بڵاوکردووە، کە بڕیارە یانەکە بۆ وەرزی ٢٠١٨-٢٠١٩ بیپۆشێت.

بەپێی چەند سەرچاوەیەك بڵاوکردنەوەی ئەو درێسە لە کاتێکدایە بەکارهێنانی نێیمار بۆ ریکلامەکە هەوڵێکی نوێی پاریسیەکانە تاوەکو مانەوەی یاریزانە بەرازیلیەکە لە ریزەکانیاندا دووپاتبکەنەوە. لای خۆشیەوە نێیمار هەمان وێنەی لە ڕوپەرەکانی خۆیدا بڵاوکردوە، هەروەها نووسیویەتی : شانازی بەپۆشینی ئەو درێسەوە دەکەم، بەردەوام دەبم لەبەخشینی چێژ بە ئێوە.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانیش بڵاویکردوە نێیمار دەیەوێت دڵنیایی بداتە یانە فەرنسییەکە و سنورێك بۆ ئەو دەنگۆیانە دابنێت کەباس لەپەیوەندیکردنی بەیانەی ڕیاڵ مەدریدەوە دەکەن.

## بەهۆی ئەردا تۆران بەرشلۆنە تووشی گرفت بووە



ئەردا تۆرانی تورکی و یاریزانی یانەی باشاکشاهیر کێشەی بۆ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دروستکردووە.

بەهۆی رەفتارێکی ناوەرزشی بەرانبەر یاریدەدەری ناوبژیوان، ئەردا تۆران لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی تورکیا سزایەکی قورسی بەسەردا سەپێنرا.

یەکێتی تۆپی پێی تورکیا بڕیاریدا توران بۆ ١٦یاری خولی تورکیا رابگرێت و بەزیاتر لە نۆ هەزار دۆلاریش سزایدا.

توران زستانی ئەمساڵ یانەی بەرشلۆنەی بەجێهێشت و بەشێوەی خواستن پەیوەندی بەیانەی باشاکشاهیر کرد، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ دوای ئەو رەفتارەی تۆران دەستەی کارگێری یانەی باشاکشاهیر بڕیارندا توران بگەڕێنەوە بۆ یانەی بەرشلۆنەو گرێبەستی هەمشیەیی لەگەڵ مۆرنەکەن.

ئەو هەواڵە بۆ یانەی بەرشلۆنە کێشەیە، بەوپێیەی پێشتر بەرانبەر ٣٤ ملیۆن یۆرۆ تۆرانیان لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کڕی و لەئێستاشدا هیچ یانەیەك ئامادەنییە پارەیەکی زۆر لە کڕینی ئەو یاریزانەدا خەرج بکات.











# ١٠ باشترین یاریزانی خولەکانی ئەوروپا دەستنیشانکران




نوێترین ریزبەندی باشترین یاریزانەکانی ئەم وەرزی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا بڵاوکرایەوە و لەو لیستەدا کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەی ریاڵ مەدرید نابیندرێت و لیۆنێل مێسی رکابەریشی پێشەنگی لیستەکەی گرتووە.
بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەری مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی، کە سەرچاوەی هەواڵەکەی تۆڕی (CIES) بۆ ئامارەکانی تۆپی پێ، ١٠ باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپای دەستنیشانکردووە و ئەوەی بووەتە جێگەی سەرنج دوورخستنەوەی رۆناڵدۆی پۆرتوگالییە لە لیستی باشترینەکانی ئەم وەرزەدا.
ریزبەندی ١٠ باشترین یاریزانەکەی ئەم وەرزەی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا:

١-لیۆنێل مێسی - بەرشلۆنە
٢- داڤید سیلڤا - مانچیستەر سیتی
٣- پاولۆ دیبالا - یۆڤانتوس
٤- سێرجیۆ ئەگوێرۆ - مانچیستەر سیتی
٥- نیکۆلاس ئۆتامێندی - مانچیستەر سیتی
٦- محەمەد سەڵاح - لیڤەرپوڵ
٧- لویز فیرناندینهۆ - مانچیستەر سیتی
٨- کیڤن دی برۆین - مانچیستەر سیتی
٩- رەحیم ستێرلینگ - مانچیستەر سیتی
١٠- رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی - بایرن میونیخ